سەماحەتی حەکیم ستایشی دەستکەوتی لاوانی عێراق لە بواری زیرەکی دەستکرد دەکات و پالپشتی بۆ دەستپێشخەری ژمارەیی بۆ ئامانج دووپاتدەکاتەوە



لەمیانەی دیداری لەگەڵ دامەزرێنەری یانەی (بدرەوشەوە بۆ بەهرە زیرەکەکان) و یانەی پڕگرام لە پارێزگای نەجەفی پیرۆز بەریز عەمار حەکیم سەرکی هاوپەیمانێتی دەوڵەتی نیشتمانی پیرۆزبایی ئەو دەستکەوتە گەورەیە کرد کە یانەی پڕگرامکردن لە پێشبڕکێی (داهێنان) و بەدەستهێنانی پلەی یەکەم لەسەر عەرەب لە میانەی کاروچالاکییەکانی پالەوانێتی عەرەبی شازدەهەمین بۆ ڕۆبۆت و زیرەکی دەستکرد کەڵە تونس کرا.

بەڕێز حەکیم تەئکیدی لەوە کردەوە کە ئەم دەستکەوتە نیشتمانییە نایابە داهێنانی لاوانی عێراق بەرجەستە دەکات و دڵنگدانەوەی توانا بەرزەکانیانە لە بوارەکانی تەکنەلۆژیای تازەدا، هەورەها جەختی لەسەر گرنگی پاڵپشتیکردنی بەهرەماندانی گەنج و بەهێندەر کرد، بۆتایبەتی لە پڕگرامکردن و زیرەکی دەستکرد، لەبەر ئەوەی ئەوان نوێنەرایەتی داهاتوو دەکەن.

سەماحەتی حەکیم لە کۆبوونەوەکەدا باسی دەستپێشخەری پڕۆژەی "هەزار منداڵ و منداڵی دیجیتاڵی" کرد کە لەلایەن "یانەی داهێنان بۆ بەهرە زیرەکەکان" دەستپێکردووە و ئامانج لێی داهێنانی منداڵان و گەنجانی تەمەن 6 بۆ 15 ساڵە کە بە خەڵایی لەسەر بنەماکانی پڕگرامی داهێنان دەکەن و فێردەبن،بۆتایبەتی لەبواری ڕۆبۆت و زیرەکی دەستکرد، ئامانجی ئەم دەستپێشخەرییەش پڕۆپەدانی توانای بیرکردنەوەی ڕەخنەگرانە و چارەسەرکردنی کێشە و داهێنانە و بەهێزکردنی نەوەی داهاتووە بۆ سەرکردایەتی کردنی عێراق لە سەردەمی گەردانی دیجیتاڵیدا.